# ووتویەتی بە خێزانەکەی : سێ تەڵاقەت کــەوتبێت ئەگـــەر ئەمشـــەو لـــەم مـاڵەدا بیت

[ كردي – کوردی – kurdish ]

سایتی ئیسلام پرسیار و وەڵام

وەرگێرانی: عەبدولسەلام موحەمەد پشدەری

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

2011 - 1432

IslamHouse.com

# ﴿ قال لها: طلاق بالثلاث إن بت في البيت ﴾

« باللغة الكردية »

المصدر: موقع الإسلام سؤال وجواب

ترجمة: عبد السلام محمد بشدري

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2011 - 1432

IslamHouse.com

# ووتویەتی بە خێزانەکەی : سێ تەڵاقەت کـــەوتبێت ئەگـــەر ئەمشـــەو لـــەم مـاڵەدا بیت

السلام علیکم ورحمة الله وبرکاته

من و پیاوەکەم ژیانێکی بەختەوەرانە بەسەر ئەبەین، بەلام لەم ڕۆژانەدا کێشەیەك کەوتە نێوانمانەوە، پیاوەکەم سوێندی خوارد بەتەڵاقی کە ئەمشەو لەم ماڵە نەمێنیتەوە، بەم شێوەیە (سێ بەسێ تەڵاقت کەوتبێت ئەگەر ئەمشەو لەم ماڵەدا شەو بکەیتەوە) بەڵام پاش ئەوەی کە هێمن بویەوە پەشیمانی دەربڕی، وە من بەهیچ شێوەیەك کەس بەگوناهبار و هاوبەش نازانم لەم کێشە خێزانیانەی کە روو ئەدەن لەنێوانماندا، بەڵێ هەرچۆنیك بوو لەگەڵ پیاوەکەمدا کاتژمێر (١٠:٣٠) دە و نیوی شەو لەماڵ هاتینە خوارە و سواری ئۆتۆمبیلەکەمان بووین ونەگەراینەوە بۆ ماڵەوە هەتاوەکو ڕۆژ بوویەوە مەبەستم ئەوەیە کاتژمێر(٥:٢٠) پێنج و بیست خولەکی بەیانی هاتینەوە نێوماڵی خۆمان .

**پرسیارکەشم ئەوەیە** : ئایا بەوەی کە ئەنجامم داوە وەفام کردوە بەوەی پیاوەکەم سوێندی لەسەر خواردوە، وە ئایا ئەو کاتەی کە لەدەرەوە بەسەرمانبردوە بەسە بۆ ئەوەی پێی بوترێت شەو مانەوە لەدەرەوە؟ وە ئایا کەفارەتێکی تر هەیە بۆ ئەم کارە ؟

خوای گەورە پاداشتی خێرتان بداتەوە .

**وەڵام :** سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە وسەڵات وسەلام بۆ سەر گیانی محمد المصطفی و یاران و شوینکەوتوانی هەتاهەتایە .

ووتەی پیاوەکەت کە ووتویەتی : (سێ بەسێ تەڵاق بێت ئەگەر ئەمشەو لەم مالەدا بمینیتەوە) ئەمەش سوێند خواردنە بە تەڵاق، جمهوری زانایان یەکڕان لەسەر ئەوەی ئەم تەڵاقە دەکەوێت ئەگەر هاتوو وەفای پێ نەکرا.

وەهەندێك لەزانایان و ڕای پەسەندکراوی شێخ الاسلام إبن تیمیةیەش ئەوەیە ئەم مەسئەلەیە پێویستی بەروونکردنەوەی زیاتر هەیە : ئەویش پەیوەندی بە نیەتی ئەو کەسەوە هەیە کە تەلاقەکەی خواردووە، ئەگەر هاتوو مەبەستی سوێند خواردن بوو کە پێداگری لەسەر کردنێی کارێکە، یان پیداگری لەسەر نەکردنی کارێك بکات، بەو مانایەی پیاوەکەت مەبەستی ئەوە بوو تۆ بکاتە دەرەوە لەماڵەوە، نەك مەبەستی ئەوە بێت ئەگەر نەچویتە دەرەوە بیەوێت تەڵاقت بدات، ئەمەش حوکمی سوێند خواردنی هەیە وتەڵاقی پێناکەوێت، ئەگەر نەچویتە دەرەوە تەنها کەفارەتی سوێند خواردنی لەسەر دەبێت .

خۆ ئەگەر هاتوو مەبەستی تەڵاق بوو، ئەوە لەکاتی وەفا نەکردندا تەڵاقی دەکەوێت وژنەکەی تەلاقداوە، ئەمەش ڕای ڕاسترە، کە کۆمەڵێك لەزانایان فەتوایان پێداوە، مەسئەلەی نیەتیش شتێکە تەنها خوای گەورە ئەیزانێت کە هیچ شتێکی لا

شاراوه نیه، جا لەبەر ئەوە با مرۆڤی موسڵمان خۆی بپارێیزت لە فڕوفێڵ کردن لەگەڵ خوا و خۆ خەڵەتاندنیش .

لەکاتی کەوتنی تەڵاقەکەشدا تەنها یەك تەڵاقی پێ دەکەوێت، لەبەر ئەوەی تەڵاقی سێ بەسی حەرامە، لەسەر ڕای ڕاجح و پەسەند کراویش تەنها یەك تەڵاقی پێ دەکەوێت .

مەبەستی پیاوەکەشت ئەوە بووە کە شەو لەو مالەدا نەمێنیتەوە، ئیتر بۆ هەرجێگایەك دەڕۆیت کێشە نیە، ئەوەشی وەك خۆت روونت کردوەتەوە کە ئەو شەوە هەتا کاتێ رۆژ هەڵهاتن دەرچوویت لەماڵەوە تەڵاقی پیاوەکەت نەکەوتوە، و هیچ شتێکی لەسەر پێویست نیە چونکە مەبەستەکە تەحقیق و جێ بەجێ بووە .

وە پیاوەکەشت پێویستە لە خوای گەورە بترسێت و خۆی بپارێزیت لە تەلاق خواردن لەکاتی دروست بوونی کێشەو گیروگرفتەکاندا .

خوای گەورەش زانا وشارەزاترە .

ماڵپەڕێ ئیسلام پرسیار و وەلام .